## ڕیزی هاوسەنگکراوی ئۆتیزم لە سەردەمی منداڵیدا «M-CHAT»

مێژووی ئەنجامدان:

ناوی یەکەم و دووەمی منداڵ:............... مێژووی لەدایکبوون:............... ناوی ئەنجامدەر:.....................

پێوەندیی وەڵامدەرەوە لەگەڵ منداڵ:.........................................................

***تکایە لە پرسیارەکانی ژێرەوەدا ئەو بارودۆخە دەستنیشان بکەن کە منداڵەکانتانی تێدا دەبینن. هەوڵ بدەن سەرجەمی پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە. لەو هەڵسوکەوتانەش چاوپۆشی بکەن کە بە دەگمەن (جار و دووجار) ڕوو دەدەن.***

| | |
|---|---|
| ١-کاتێک منداڵەکەتان لە سەر ئەژنۆ هەڵداوێن یا جۆلانە پێدەکەن، ئایا پێیخۆشە؟ | بەڵێ خێر |
| ٢-ئایا منداڵەکەتان دڵی بە منداڵانی ترەوە هەیە؟ | بەڵێ خێر |
| ٣-ئایا منداڵەکەتان پیهەڵاچوونی پیخۆشە؟ بۆ وێنە: وەسەر پلیکان کەوتن؟ | بەڵێ خێر |
| ٤-ئایا منداڵەکەتان حەز لە «باوباوێن» یا «گەڕان و دۆزینەوە» دەکا؟ | بەڵێ خێر |
| ٥-ئایا منداڵەکەتان حەز لە نواندن دەکا؟ (بۆ وێنە: لاواندنەوەی بووکەشووشە، یا وا دەربخا کە گۆیا بە تەلەفۆن لەگەڵ کەسێک دەدوێ و شتی لەم چەشنە) | بەڵێ خێر |
| ٦-ئایا منداڵەکەتان بۆ ئاماژەی کەلوپەل، قامکی بۆ لا ڕادەدێرێ؟ | بەڵێ خێر |
| ٧-ئەگەر شتێک سەرنجی منداڵی ئێوەی ڕاکێشا، ئایا بە قامک ئاماژەی بۆ دەکا؟ | بەڵێ خێر |
| ٨-ئایا منداڵەکەتان توانایی هەیە بە چەشنێکی شیاو کایە بە لیستۆکە بچووکەکانی وەک ماشێن و خشتۆکە بکا(واتە لێیانخوڕێ و هەڵیانچنێ)، یا بە بێئامانج بێنەوبەرەیان پێدەکا؟ | بەڵێ خێر |
| ٩-ئایا منداڵەکەتان تا ئێستا شتێکی هێناوە پێتان نیشان بدا؟ | بەڵێ خێر |
| ١٠-ئایا منداڵەکەتان ئەم توانایییەی هەیە یەک تا دوو چرکە لە چاوانتان ڕابمێنێ؟ | بەڵێ خێر |
| ١١-ئایا وا هەبووە منداڵەکەتان لە ڕادەبەدەر بە «دەنگ» هەستیار بێ؟ بۆ وێنە: گوێی خۆ بگرێ. (پێچەوانە). | بەڵێ خێر |
| ١٢-ئایا منداڵەکەتان لە وەڵامی پێکەنین یا خۆدەرخستنی ئێوە، پێدەکەنێ؟ | بەڵێ خێر |
| ١٣-ئایا منداڵەکەتان لاساکەرەوەیی دەکا؟ (بۆ وێنە: بیچم و شێوەی بۆ بنوێنن و ئەویش لاسا بکاتەوە). | بەڵێ خێر |
| ١٤-ئەگەر بە ناو قاو لە منداڵەکەتان بکەن، وەڵام دەداتەوە؟ | بەڵێ خێر |
| ١٥-ئەگەر ئاماژەی شوێنێک بکەن بۆ پێشاندانی لیستۆکێک، ئایا منداڵەکەتان ڕووی بۆ وەردەگێڕێ؟ | بەڵێ خێر |
| ١٦-ئایا منداڵەکەتان توانایی بە ڕێگادا ڕۆیشتنی هەیە؟ | بەڵێ خێر |
| ١٧-ئەگەر ئێوە لە شتێک بڕوانن، ئایا منداڵەکەشتان لێیدەڕوانێ؟ | بەڵێ خێر |
| ١٨-ئایا منداڵەکەتان لە پێش دەموچاوی، جووڵەی سەیروسەمەرە بە پەنجەکانی دەکا؟ (پێچەوانە). | بەڵێ خێر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩-ئایا منداڵەکەتان هەوڵ دەدا سەرنجی ئێوە بۆ لای خۆی و کارەکانی ڕاکێشێ؟ | بەڵێ | خێر |
| ٢٠-ئایا گومانتان لەوە کردووە کە منداڵەکەتان نەبیسێ؟ (پێچەوانە) | بەڵێ | خێر |
| ٢١-ئایا منداڵەکەتان لە قسەوباسی دەوروبەر دەگا؟ | بەڵێ | خێر |
| ٢٢-ئایا منداڵەکەتان بە بێئامانج و هەروا سەرلێشێواو، ڕادەمێنێ و دەجووڵێ؟ (پێچەوانە) | بەڵێ | خێر |
| ٢٣-ئایا منداڵەکەتان لە کاتی نامۆییدا، ڕووتان تێدەکا تا کاردانەوەی ئێوە ببینێ؟ | بەڵێ | خێر |
| ژمارەی ئەنجام | | |

دایانا ڕووبینــز، دێبرافین و مێریان بارتۆن ١٩٩٩

سەرنج: لە هەر پرسیارێکدا یەک ژمارە بدەن بە وەڵامی «خێر»؛ بەڵام لە چوار پرسیاری (١١-١٨-٢٠-٢٢)دا کە بە وشەی «پێچەوانە» دیاریکراون، ژمارە بدەن بە وەڵامی «بەڵێ».

هەبوونی دوو بابەتی قەیرانی (کە لە دەقی سەروودا بە هێڵ دیاریکراون) و یا سێ بابەتی ناقەیرانی تەواوە بۆ حەواڵەی ناسیاوی کردنی منداڵ.

وەرگێڕ: عەبدوڵلا سەمەدی ٢٠١٢

سەرچاوە: دەقی فارسیی سەید عەلی سەمەدی، پێداهاتنەوەی ٢٠١٢